پەیام - هۆڵەندا

# وتووێژێک لەگەڵ هونەرمەند شەماڵ عەبەڕەش

هونەرمەند شەماڵ عەبەڕەش لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی لە دایک بووە. خوێندنی پەیمانگای هونەرەجوانەکانی لە بەغداد تەواو کردووە. شانۆزانێکی ناسراوی کوردە. دەوری سەرەکی بینیوە لە زنجیرە تەلەفزیۆنییەکانی گوڵاڵە. لە ساڵی ١٩٩٣ەوە لە هۆڵەندا دەژی. سەبارەت بە کار و چالاکییەکانی هونەرمەند ئەم وتووێژەمان لەگەڵدا ساز کرد...

**شەماڵ:** پێشەکی ڕێز و سڵاو و خۆشەویستیم بۆ ڕۆژنامەکەتان ڕۆژنامەی (پەیام)ی ئازیز و بۆ ئەو هەوڵدانانەی کە دەیدات بۆ پێناسەکردن و بەرەوپێشەوەچوونی کولتوور و هونەری کوردی و تیشکخستنە سەر ئاستی جووڵانەوەیان، بە تایبەت لە ڕێی ئەم جۆرە چاوپێکەوتنانەوە.

## باسێک سەبارەت بە کۆمەڵە:

کۆمەڵەی هونەرەجوانەکانی کورد مەڵبەندی گشتی - سولەیمانی - لە کۆتایی ساڵی ١٩٦٩دا لە شاری سولەیمانی دامەزراوە، هەروەک ڕێکخراوێکی هونەری کولتووری بۆ هەموو بوارەکانی هونەری و ڕۆشنبیری، لەژێر ناوی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی. ئەم کۆمەڵەیە توانیویەتی بەردەوام لەگەڵ هەموو گۆڕانکارییەک و زروفێکی سەخت و خۆش و ناخۆشدا کە بەسەر کوردستاندا هاتووە و بە هاریکاریی دەستە خوشکانی کە بریتیی بوون لە تیپە هونەرییەکانی تر لە کوردستاندا ڕۆڵی خۆی ببینێت و پێبەپێی هەموو گۆڕانکارییە ڕامیاری و نەتەوەیی و هونەری و کولتوورییەکان هەوڵی داوە لە ڕیزەکانی دواوە نەبێت.
کۆمەڵە لە ناوەوە و دەرەوەی کوردستان لق و بەشی بۆ خۆی کردۆتەوە، لە ناوەوە لقی هەولێر، کەرکووک، هەرچەندە لقی کەرکووک لەگەڵ هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی چەکداریی ساڵی ١٩٧٤ لە لایەن ڕژێمی سەرکوتکەری بەغداوە داخرا، لە دەرەوەی کوردستانیش لقی بەغدا کە هەر زۆر زوو ڕژێم ئەویشی داخست، لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش لقی کۆمەڵە دامەزراوە و تا ئێستاش زۆر چالاکانە بەردەوامن لە بەرهەمهێنانی کاری هونەری بەتایبەت کاری موزیک، سەرپەرشتیاری ئەم لقەش مامۆستای هونەرمەند مامۆستا «جەمال بەختیار»ە.
لە بەشە دامەزراوەکانی کۆمەڵەش بەشی ڕەواندوز، کەلار، چەمچەماڵ، دەربەندیخان و هەوڵێکی زۆریش درا بۆ دامەزراندنی بەشی هەڵەبجە، بەڵام بە داخەوە ئەو کاتە ڕێک نەکەوت. مەڵبەندی گشتی و هەموو لق و بەشەکانیشی هەردەم ڕۆڵی ئازایانە و زانستانەیان دیوە لە بەرەوپێشبردن و بە ڕەسەنکردن و نوێکردنەوەی هەموو بوارە هونەرییەکان.

## کورتەباسێک لەسەر لقی کۆمەڵە لە ئەورووپا:

من لە ساڵی ١٩٧٥ەوە ئەندامی ئەم کۆمەڵەیەم و لە چەندین هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبەردا، وەک بەڕێوەبەری هونەری مەڵبەندی گشتی هەڵبژێردراوم و بەردەوام لە زۆربەی زۆری بەرهەمە شانۆیی و دراما تەلەفزیۆنییەکانی کۆمەڵە بەشدار بووم هەتا کۆتایی ساڵی ١٩٩٣ کە ڕووم کردە هەندەران و لە هۆڵەندا جێگیربووم.
هەر پاش ماوەیەکی کورت بیرم لە کردنەوەی لقی ئەورووپا کردەوە و هەوڵم بۆ دا، بەڵام لەبەر کەمیی کادێری بوارەکە لەو سەردەمەدا و دووریمان لە یەکەوە کارەکە زۆر گران بوو و نەچووە سەر، هەر بە گواستنەوەشم لە سەرووی هۆڵەنداوە بەرەو ناوەڕاستی وڵات و جێگیربوونم لە شاری «دۆردرێخت» هەوڵمدا لەگەڵ چەند مرۆڤێکی کورد لقی کۆمەڵە بکەمەوە کە زۆربەی ئەو بەڕێزانە پەیوەندییان بە کاری هونەرییەوە نەبووە، بە داخەوە ئەم هەوڵەش سەری نەگرت چونکە بە ئاشکرا هەستم کرد ئەو بەڕێزانە بە بیری تەسکی حیزبایەتییەوە بۆ مەسەلەکە دەچن کە ئەمەش کارێکی ترسناکی دروست دەکرد بۆ داهاتووی لقەکە، بۆیە بە داخەوە دەستم لەو هەوڵەش کشاندەوە.
لە ساڵی ١٩٩٨دا و بە هاوکاریی هونەرمەندان و هاوڕێیان کاک سیروان ڕەحیم و کاک باهۆز کە هەردوو بەڕێزان کاتی خۆی ئەندامی کۆمەڵە، بەشی چەمچەماڵ بوون، توانیمان ئەو خەوە بهێنینە دی و بە ناوی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکانی کورد لقی ئەورووپاوە بەشداری فێستیڤاڵی یەکەمی کوردی لە دەرەوەی وڵات لە شاری «بەرلین» ببین و کارێکی شانۆیی قەشەنگ پێشکەش بە جەماوەری ئامادەبوو بکەین و هەر بە ناوی لقی ئەورووپاوە لە فێستیڤاڵی دووەمیشدا مانگی تەممووزی ساڵی ٢٠٠٠ لە شاری «بەرلین» بە کارێکی نوێ و بە هاوکاری لەگەڵ هونەرمەندان کاک کامەران ڕەووف و کاک شۆڕش قادر بەشدار بووین و لقی ئەورووپای کۆمەڵە دوو خەڵاتی مەزنی وەرگرت یەکەمیان خەڵاتی باشترین ئامادەکردنی دەق درا بە هونەرمەند شۆڕش قادر و دووەمیان خەڵاتی ئەکتەری ڕۆڵی سەرەکی فێستیڤاڵ درا بە من.
هەر لە مانگی ئەیلوولی هەمان ساڵدا توانیمان هەردوو بەرهەمە شانۆییەکەی کە لە هۆڵەنداوە بەشداری فێستیڤاڵی کردبوو واتە بەرهەمەکەی کۆمەڵە و بەرهەمی هونەرمەندانی کوردی هۆڵەندا ببەینە وڵاتی «سوید» و لە شاری «گۆتنبورگ» پێشکەشی کوردی ئاوارە و دوورەوڵات و هونەرمەندانی شاری «گۆتنبورگ» بکەین کە دواتر لە چاوپێکەوتنێکی دوای شانۆییەکەدا دەستی ڕێز خرایە سەر بەرهەمەکان و دەستخۆشی لە بەشداربووان کرا لە لایەن هونەرمەندە سویدییەکانەوە و ئاماژەی ئەوەشیان کرد کە ئەمە یەکەمجارە لەو شارەدا شانۆیی کوردی پێشکەش دەکرێت و ئەوان هەرگیز پێشبینی ئەوەیان نەکردووە کە کورد بتوانێت لەو ئاستە بەرزەدا بەرهەمی شانۆیی هەبێت و پێشکەشی بکات. بێگومان چوونی ئەم دوو بەرهەمە کوردییە بۆ وڵاتی سوید بەبێ هەوڵ و تەقەلای هونەرمەند "دڵشاد ئەحمەد" نەدەهاتە دی.
هەرچەندە هەتا ئێستا لەم گفتوگۆیەدا باسی خێزانە خۆشەویستەکەمم نەکردووە بەڵام هەموو ئەو هەوڵ و بەشدارییانەی باسم کردن هەردەم بە هاوکاریی هونەرمەند "شادان"ی خێزانم و هەردوو هونەرمەندی لاو "شنۆ و شایی" کچم بووە و بە بەردەوامی پاڵپشتی هەموو هەنگاوێکم بوون.



شەماڵ عەبەڕەش، شانۆی (ئەنتی گۆنا)

## کار و چالاکییەکانتان لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا:

ئەگەر بەراوردێک بکەم لەنێوان کارە هونەرییەکانی ناوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵاتمدا بێگومان کارە هونەرییەکانی دەرەوەی وڵات کەمترن هەرچەندە لای زۆربەی زۆری هونەرمەندانی دەرەوەی وڵات من زۆر چالاکم لەو کارە هونەرییانەی کە بەشداریم تیادا کردوون:



شەماڵ عەبەڕەش، ساڵی ١٩٩٥، فیلمی (ئەو هەرزەکارەی ئیدی نادوێ) بەرهەمهێنانی کۆمپانیایەکی هۆڵەندی

لە ساڵی ١٩٩٥دا و پاش دوو ساڵ بەسەر پەناهێندەییمدا توانیم لەگەڵ دەرهێنەری بەناوبانگی هۆڵەندی "بێن سۆمبۆخارد" بەشداری فیلمی (ئەو هەرزەکارەی ئیتر نادوێت) بکەم. وێنەگرتنی ئەم فیلمە لە وڵاتی «مەغریب» لە مەراکیش بوو، چونکە سروشتی ئەو ناوچەیە زۆر لە سروشتی کوردستانەوە نزیکە. ئەم فیلمە لە بەرهەمهێنانی دەسگای (بۆس برۆس)ی سینەمایی بوو، لە ساڵی ١٩٩٦دا و لە فێستڤاڵی جیهانی لە بەرلین خەڵاتی (یۆنسیف)ی وەرگرت و پاشان لە کەناڵی دووی تەلەفزیۆنی هۆڵەندی و دواتریش لە تەلەفزیۆنی بەلجیکی بە پێنج ئەڵقە نیشان درا. لە هەمان ساڵی ١٩٩٦دا وەک یاریدەدەری دەرهێنەر، هاوبەش لەگەڵ دەرهێنەر «لوودس»ی ژنە هونەرمەندی ئەمریکای خواروو، بەشداری شانۆیی مندالانی دۆردرێختم کردووە بە شانۆیی (شازادە).
کۆتایی ساڵی ١٩٩٧ و دەستپێکی ساڵی ١٩٩٨ وەک دەرهێنەری یاریدەدەر بەشداری ئۆپەرێتێکی هۆڵەندیم کردووە لە شاری «زڤایندرێخت» بە ناویشانی (کڤێستی فەن تاید) لە دەرهێنانی هونەرمەندی هۆڵەندی «ئیریک فەن ڤاڵڤایک» و ئامادەکردنی موزیک "پیتەر فەن خروون" ئەم ئۆپەرێتە باس لە ژیان و بەسەرهاتی زانای بەناوبانگ "ئەنیشتاین" دەکات و نزیکەی سەد بەشدار لە نواندن و بالیە و کۆرس و موزیکزان بەشدارییان تیا کردبوو.

## ئێوە بەشداری فێستیڤاڵی شانۆتان لە ئەڵمانیا کردووە، دەتوانی لەو بوارە بۆمان بدوێیت؟

زۆرجار لە ڕۆژنامە و کەناڵە تەلەفزیۆنەکاندا باس لە فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە دەرەوەی وڵات کراوە، بە ڕای من بوونی ئەو فێستیڤاڵە زۆر گرنگە لە زۆر ڕووەوە لەوانە:
نزیکخستنەوەی هونەرمەندانی شانۆ لە یەکتر کە لە دەرەوەی وڵات بڵاو بوونەتەوە بۆ بەرهەمهێنانی کاری شانۆیی، نزیکبوونەوەی هونەرمەندانی پارچە بە زۆر دابەشکراوەکانی کوردستان چ لە ڕووی هونەرییەوە یان لە ڕووی بیروبۆچوون و ڕێبازی کارکردنەوە و ڕەنگدانەوەی هونەریی ئەو وڵاتەی هونەرمەندەکە تیایدا دەژی، لە ڕێی ئەو سمینارانەشەوە کە بە درێژایی ڕۆژانی فێستیڤاڵەکە پێشکەش دەکرێن، هونەرمەند زیاتر ئاشنای زانستی کۆن و نوێی هونەری جیهانی و کوردی دەبێت.
هەوڵدان بۆ بەردەوامیی ئەو فێستیڤاڵە ئەرکی سەرشانی هەموولایەکە نەک بە تەنیا هونەرمەند، چونکە فێستیڤاڵ پێناسەیەکی شارستانییەتی میللەتی کوردە بۆ میللەتانی دیکەی دانیشتووی ئەورووپا، هەروەها پردێکە بۆ نزیکبوونەوەی هونەرمەندی کورد لە میللەتانی دی، بۆ سەلماندنی ئەمەش بەشداریکردنی هونەرمەند و کەسانی بیانی لە فێستیڤاڵی دووەم چ بە پێشکەشکردنی بەرهەمی هونەری یان وەک بینەر زۆر زیاتر بوون وەک لە فێستیڤاڵی یەکەم و هیوادارم لە فێستیڤاڵی سێیەمدا زیاتریش بن، چونکە ئەو پردی نزیکبوونەوەیە گەلێک سوودبەخشە بۆ داهاتووی میللەتەکەمان لە زۆر ڕووەوە.

## باسێکی تیپەکەتان:

هەتا ئێستا کۆمەڵەی ئێمە لقی ئەورووپا بە شێوەیەکی یاسایی لە ئەورووپا نەناسراوە واتە لە ڕووی یاسای کارکردنی هونەرییەوە ئێمە هێشتا ڕێگاپێدراو نین، هەرچەندە ئێمە لە هەموو فێستیڤاڵ و چالاکییەک و چاوپێکەوتنێکدا بە ناوی ئەو کۆمەڵەیەوە دەدوێین، هەر لەبەر ئەوەش لە هەردوو فێستیڤاڵی شانۆی کوردی لە دەرەوەی وڵات بە ناوی کۆمەڵەوە بەشداریمان کردووە و بگرە باشترین خەڵاتیشمان وەرگرتووە، جا لەبەر ئەو هۆیە کە باسم کرد ناتوانم بە شێوەیەکی یاسایی دەستنیشانی ئەو هونەرمەندانە بکەم کە بە یاسایی ئەندامن بەڵام دەتوانم ناوی ئەو هونەرمەندانە بەرم کە بەشدارییان لە بەرهەمەکانی کۆمەڵەدا کردووە و چالاک بوون لەوانەش هونەرمەندان:
سیروان ڕەحیم، باهۆز، سامان سابونچی، سۆران ئیسماعیل، شادان فوئاد، شەماڵی عەبەڕەش، شنۆ شەماڵ، شایی شەماڵ، شەم فوئاد، حوسەین ڕەهبەر، دلێر موحەمەد ئەمین، کامەران ڕەووف، شۆڕش قادر، دڵشاد ئەحمەد، شێنێ لەتیف، لەتیفی وایەرمەند، نوری ئەحمەدی ڕۆن، دلێر موستەفا، شەهاب ئەحمەد، دەشنێ ئەحمەدی ڕۆن و چەند هونەرمەندێکی دیش.
بە ڕاستی یەکگرتن و بە یەکەوە کارکردنی کۆمەڵێک هونەرمەندی بە بەهرە و خاوەن ئەزموون لەگەڵ هونەرمەندانی لاو لە هەندەران کارێکی دڵخۆشکەر و گەشبینی لێ دەکرێت، من ناتوانم بڵێم ئەو هونەرمەندانەی کە ناوم بردوون دەتوانن وەک ئەندامێک بەردەوام لە هەموو بەرهەمێکی کۆمەڵەدا بەشدار بن، بەڵام بەشدارییان ئەگەر تەنیا بۆ یەک جاریش بووبێت جێی ڕێز و دڵخۆشییە.
هیوادارم لە داهاتوودا بتوانین کەناڵێک بدۆزینەوە و لە ڕێی ئەوەوە کۆمەڵەکەمان بکەینە کۆمەڵەیەکی یاسایی تا بتوانین سەربەستانەتر و چالاکتر جموجووڵمان هەبێت.

## باسێکی چالاکییەکانتان لە داهاتوودا:

پرسیاری چالاکییەکانی داهاتووم ئاراستە دەکەیت... هەندێ پڕۆژە هەن لەبەر دەستان و ئێستا کاریان تیا دەکرێت، هەندێ پڕۆژە هەن لەبەر دەستان و جاریێ کارکردن تیایاندا گرانە، هەندێ پڕۆژەش هەن کە هێشتا خەون.
لەو پڕۆژانەی کە لەبەر دەستدان بۆ کارکردن فیلمێکی سینەماییە بابەتەکەی کوردییە و بەرهەمهێنەرەکەی ئەڵمانییە، ئەمساڵ لە ئاییندەیەکی نزیکدا دانیشتن و گفتوگۆ لەسەر ڕۆڵەکانی دەکرێت ڕەنگە بتوانین لە چاوپێکەوتنێکی دیدا سەبارەت بەم بەرهەمە گرنگە بە درێژی بدوێین، هەروەها پڕۆژەی کارێکی شانۆیی نوێیە کە لە نووسینی هونەرمەند "شۆڕش قادر"ە و ئێستا لە هەنگاوی پێداچوونەوەی دەقەکەدایە، ئەویش لەبەر دەستدایە بۆ کارکردن.
سیناریۆی فیلمێکی سینەمایی لە نووسنی هونەرمەند، شۆڕش قادر، کە ئەویش ئامادەیە بۆ ئەوەی بەرهەمهێنەرێک کارەکە بگرێتە ئەستۆی خۆی و دەست بکەین بە کار تیایدا. ئەو پڕۆژانەی لەبەر دەستدان و کارکردن تیایاندا گرانە بە یاساییبوونی کۆمەڵەیە، چونکە ئەوسا دەتوانین بێجگە لە شانۆ چالاکیی هونەری دیشمان هەبێت وەک شێوەکاری و موزیک.
خەونەکانیش... باسیان ناکەم نەوەک خەبەرم بێتەوە.

## دواوتەت:

دواوتەم هیوادارم هونەرمەندانی شانۆ و دروستکەری فیلمی سینەمایی لەناو وڵات زیاتر چڕترانە بڕواننە بەرهەمەکانیان، چونکە زۆربەی ئەو هونەرمەندانە خاوەنی ئەزموونێکی قووڵ و دوورودرێژن لە بواری کاری هونەریدا، هەڵبەتە هاوینی ساڵی پار کاتێک گەڕامەوە وڵات لێدوانم لەگەڵ هەندێک هونەرمەندان کردووە و باری سەرنجی ڕەخنەیی خۆمم ئاشکرا کردووە لایان بە تایبەت سەبارەت بە قەیرانی شانۆی کوردی لە وڵات و ڕۆژانە دروستکردنی فیلمی (سینەمایی).
زۆر بە داخم کە زۆربەی هونەرمەندی داهێنەر و خاوەن ئەزموون ئێستا دەستیان ناچێتە کارکردن لەبەر ئەو دیاردەیەی سەرەوە، چونکە ناتوانن ئازاری دەروونی بینەر بدەن، هەروەها هیوادارم پەیوەندی هونەرمەندانی کورد لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات پتەوتر بێت و زیاتر ئاگامان لە یەکتر بێت بۆ ئەم مەبەستەش ڕۆژنامە کوردییەکان و کەناڵە ئاسمانییەکان دەتوانن ڕۆڵێکی گەورە ببینن.